# نەخشەی هێز لە شەقامی شیعە دوای هەڵبژاردنی پێشوەختە

16-10-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە** : نەخشەی هێز لە شەقامی شیعە دوای هەڵبژاردنی پێشوەختە

یاسین تەها

لە دوای کەوتنی رژێمی بەعس لە 2003، زاراوەی "ماڵی شیعی" هاتە نێو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی سیاسی لە عێراق، ئەم گردبوونەوەیە کە لە ژێر عەبای مەرجەعیەتی نەجەفدا و بەلیستێکی هاوبەش و یەکگرتوو بەشداری هەڵبژاردنی کرد (2005)، زۆری نەبرد دووچاری دابەشبوون و جیابوونەوە و فرە جەمسەری بوو، تاوەکو لە هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەمساڵدا (2021) بووە چوار جەمسەری سەرەکی جیاواز کە ئێستا بارودۆخ و پێگەیان بەم جۆرەیە:

**یەکلابوونەوەی زۆرینەیی سەدر**

سەدرییەکان کە رەوتێکی جەماوەریی خاوەن چەکن لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا کورسییەکانیان لە جاران زیاتر کردووە، لە هەڵبژاردنی پێشوودا (2018) سەدر بە 52 کورسی لە کۆی 54ی سائیرون یەکەمی هێزە شیعەکان بوو، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا ژمارەی کورسییەکانی گەیاندە 73 کورسی، ئەمەش دەکاتە دەوروبەری نیوەی کورسی سەرجەم هێزە شیعەکان، بەجیاوازییەکی زۆریش پێش نزیکترین رکابەری خۆی کەوتووە کە لیستەکەی مالیکییە. هەرچەندە ژمارەی دەنگەکانی سەدر هەر لە دەوروبەری 650 هەزاردایە و ئەمەش دەکاتە رێژەیەکی کەم لە کۆی 40 ملیۆن دانیشتووانی عێراق (1.5%)، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەپێی رێساکانی گەمەی دیموکراسی براوەیە و جگە لەوەش خاوەن باڵێکی چەکداری تۆکمەیە (سرايا السلام) ، ئێستا وەك خاوەن قسەی یەکەم تەماشا دەکرێت، لەنێو ئەو بایکۆت و ساردو سڕەی لە هەڵبژاردنیشدا روویدا، سەدرییەکان بەجۆش و خرۆشەوە چوونە سەر سندوقەکان چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم  رەوتە گوێڕایەڵی و ئامادەیی جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکەکەیانە لەسەر بنەمای "السمع والطاعة". سیستانی کە گەورە مەرجەعی باڵای شیعەیە لە نەجەف بانگەوازی کرد خەڵك بەکۆمەڵ بچن بۆ دەنگدان، بەڵام سەرباری ئەوە رێژەی بەشداری بە فەلاکەت بەفەرمی چووە سەروو 40%، هەندێك خەمڵاندنیش لەبەر رۆشنایی راپرسییەکان پێیانوایە ئەگەر سیستانی نەبووایە رێژەی بەشداری هەر لە دەوروبەری 30% دەبوو کە بەشێکی بەرچاویان لە ڕەوتەکەی سەدرن. بەپێی هاوکێشەکانی دوای هەڵبژاردنیش ئەگەر سەدر خاوەنی قسەی یەکەم نەبێت لە دانانی سەرۆك وەزیران، ئەوە کۆدەنگی هەیە هیچ حکومەتێك بەبێ تێپەڕبوون بە بارەگاکەیدا لە حەنانە سەرناگرێت، جگە لەوەش قۆناخی داهاتوو سێبەری سەدر بەسەر زۆر جومگەی عێراقەوە لە جاران تۆختر دەبێت و وەك خۆیان دەڵێن لە عێراق "سەردەمی سەدر" دەبێت، بەتایبەت ئەمریکییەکان رۆژ بەڕۆژ زیاتر دەچنە دواوە لە دۆسییەکانی ناوچەکە.

**ژیانەوەی مالیکی**

گەڕانەوەی مالیکی بەهێزێکی زۆرترەوە بۆ نێو پەرلەمان (35 کورسی) لە رێگەی (دەوڵەتی یاسا)وە یەکێکبوو لە پێشهاتە چاوەڕوواننەکراوەکانی هەڵبژاردن. مالیکی رکابەرێکی سەرسەخت و کارەکتەرێکی سیاسی ئاڵۆز و ژمارەیەکی قورسیشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەمپەری زۆری لە پێشە لە هەوڵی گەڕانەوە بۆ سەرۆکایەتی وەزیران کە سەرەکیترینیان ڤیتۆی پێشووی سیستانی بێت "المجرب لا يجرب"، ئەمە جگە لە لێکەوتەکانی کەوتنی موسڵ و کۆمەڵکوژیی سپایکەر(2014)، هەروەها کێشە کەڵەکەبووەکانی لەگەڵ کورد و هێزە سیاسییەکانی پێکهاتەی عەرەبی سوننە. درەوشانەوەی ئەستێرەی بەختی مالیکی هاوکاتە لەگەڵ پاشەکشەی فەتحی حەشدی شەعبی و یەکەم شکستی گەورەی ئەزموونی حیزبوڵڵا (حركة حقوق) لە بەشداریکردنی هەڵبژاردن (1 کورسی)، ئەمەش هەندێکی خستوەتە سەر ئەو بڕوایەی بڵێن مالیکی کورسی حەشدەکانی قوت داوە، چونکە هەردووکیان لەسەر یەك هێڵی سیاسین و مالیکی خۆی بە باوکی دامەزرێنەری حەشد دەزانێت تەنانەت بەر لە دەرچوونی فەتواکەی سیستانیش بۆ جیهادی شیعە دژی داعش.

هەرچەندە مالیکی ئێستا لەبەرەی ئێران ئەژمارە، بەڵام هەن پێیانوایە لەبەر ئەو غرور و خۆ بەشت زانینەی هەیەتی ملکەچ و گوێڕایەڵی تەواوەتی تاران نییە و دەکرێت لەگەڵ دەرەوەی ئەوانیشدا هاوکاربێت.

بەشێکی بەرچاو لەو کورسییانەشی مالیکی بەدەستیهێناون لە دەرەوەی حیزبی دەعوەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ناوبراو لە ساڵانی سەرۆکایەتی وەزیراندا تۆڕێك بەرژەوەندی و رەوتێکی سێبەری دروستکردووە کە پێیانوایە گەڕانەوەی مالیکی وەك ساڵانی 2005_2014 کە نرخی بەرمیلێك نەوت گەیشتە 114 دۆلار پڕدەبێت لە هەلی کار و دامەزراندن و بودجەی قەبە و پرۆژەی زۆری وەبەرهێنان کە خۆیان ناویان ناوە "ساڵانی خێر و خۆشی".

**فەتحی حەشدی شەعبی**

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێت دابەزینی کورسییەکانی هاوپەیمانێتی فەتحی حەشدی شەعبی بۆ کەمتر لە نیوەی جارانی خۆی یەکێك لە گەورەترین چاوەڕوانەنەکراوەکانی هەڵبژاردن بوو. بەر لە هەڵبژاردن زیاتر لە جارێك هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانێتییەکە و قەیس خەزعەلی سەرۆکی بزووتنەوەی عەسایب، جەختیان دەکردەوە "ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنی حەشدە"، زیاد لە پێویستیش قوربانییەکانی حەشد و چیرۆکەکانی بەرەنگاربوونەوەی داعشیان لەلایەن حەشدەوە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بەکارهێنا، بەڵام دەرکەوت ئەم حیکایەتە سیحرەکەی 2018 ی لەلای جەماوەری شیعە نەماوە. لە هەڵبژاردنی پێشوودا حەشد تازە لە شەڕی داعش هاتبوونە دەرەوە و وەك فریادڕەس تەماشا دەکران، تەپ و تۆزی شەڕ و خوێنی قوربانییەکانیان نوسابوو بە ئاڵای هەڵمەتەکانی بانگەشەیانەوە، بەڵام لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو کە خۆپیشاندانی تشرین و کوژرانی 600 گەنجی بەدەستی چەکداری گرووپە شیعەکان بەخۆیەوە بینی، وێنەی حەشد وەك جاران بەپاکی نەمایەوە و چرژی تێکەوت، لەم ساڵانەی دواییشدا ناوی حەشد تێکەڵی سەرانە وەرگرتن و قاچاخچێتی و تۆقاندن بوو، هەر لەبەرئەمەش سەنگی پەرلەمانییان لە 47 کورسییەوە دابەزی بۆ 16 کورسی.

سەرکردەکانی حەشد پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی هەڵبژاردن ساختەکاری تێدا کراوە و ئەمە هۆکاری پاشەکشەکردنیانە، هەندێك لەوانەش کە نزیکن لە عەسایب پێیانوایە هۆکارەکە بۆ لاوازی و سستی کارنامەی هادی عامری دەگەڕێتەوە و ئێستا هەڵمەتێك هەیە بۆ گواستنەوەی سەرۆکایەتی بۆ قەیس خەزعەلی. هەیە پێیوایە هێز و سەنگی حەشد بە ژمارەی کورسییەکانیان پێوانە ناکرێت، بەتایبەت ئەوان کە نزیکەی 200 هەزار چەکدار و کارمەندی میلاکیان بەفەرمی هەیە، جگە لەوەش خۆیان بە پیرۆز و بەرەنجامی فەتوای "الجهاد الکفائي" دەزانن و هەموو پاڵپشتییەکیان لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەیە بۆ مانەوە، تەنانەت زۆر باس لەوە دەکرێت ئەزموونەکەیان بگوازرێتەوە بۆ ئەفغانستان.

**حەکیم ـ عەبادی**

یەکێکی دیکە لەو چوار جەمسەرە شیعە سەرەکییەی ئەم هەڵبژاردنە، هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی (حەکیم و عەبادی) بوو، بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دووچاری بەهەڵم بوون بوویەوە و کورسییەکانی کەم بووەوە بۆ تەنیا پێنج لەکاتێکدا پێشتر بنکە پەرلەمانییەکەی هەردوولا زیاتر لە 50 کورسی بوو، بەم پێیەش نوێنەرایەتی ئەم جەمسەرە لەنێو پەرلەمانی داهاتوو بەتەواوی لاواز دەبێت، لە کاتێکدا عەممار حەکیم میراتگر و نوێنەری بنەماڵەی حەکیمی تەباتەبایی و کوڕەزای مەرجەعی باڵای کۆچکردووی شیعە سەید موحسین حەکیمە، حەیدەر عەبادیش جگە لە چوار ساڵ سەرۆکایەتی وەزیران (2014 ـ 2018) خۆی بە خاوەنی سەرکەوتنی شەڕی دژە داعش و سەروەری گێڕانەوەی کەرکووك بۆ باوەشی عێراق دەزانێت.

1. زۆر هۆکار دەگوترێن لەبارەی هۆکاری ئەم پاشەکشەیە کە هەندێکی پەیوەستە بە گوتاری خۆ بەزلزانانە و هەندێکی دیکەی پێیوایە چیتر جەماوەر و مەزاجی شیعە تاقەتی لەوانە نەماوە کە لە ناوچەی خۆڵەمێشیدا یاری دەکەن و گوتارێکی روونیان نییە. بەر لەوەش چ رەوتی حیکمەی حەکیم و چ هاوپەیمانێتییەکەی عەبادی دووچاری جیابوونەوەی زۆری ئەندامان و کادران بوونەوە و خۆشیان پێشتر هەر لە هەناوی جیابوونەوەوە هاتبوون، حەکیم لە ناو ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و عەبادی لە حیزبی دەعوە، هەردووکیشیان لە رێگەی بەجێهێشتنی گوتاری بازنە ئایدۆلۆژییە راستڕەوەکانی شیعە چاویان لە کۆکردنەوەی دەنگی میانڕۆ و مەدەنی و تەنانەت دەرەوەی کۆمەڵگە شیعەکانیش هەبوو، بەڵام وەك کورد دەڵێت وادیارە لەهەردوو جەژنەکە بوون.

**جەمسەری تشرین**

لە هەناوی شارە شیعەکاندا چەند بەربژێر و هێزێکی سەربەخۆ و چەند نوێنەرێکی خۆپیشاندەرانی تشرین سەرکەوتوون بۆ پەرلەمانی ئایندە، ئەمەش پێشهاتێکی نوێ و دۆخێکی بێ پێشینەیە، هەر لەشاری نەجەف پێنج کاندید لەم بەرەیە گەیشتوونەتە پەرلەمان و خۆیان بە نوێنەری شەقام دەزانن، لە ناسریە و موسەنناو ئەو شارانەش ئەم لەدایکبوونە پەرلەمانییە نوێیە هەیە کە رەنگە بگەنە دەوروبەری 40 کورسی. تشرینییە نوێیەکان هەرچەند چەك و پارە و مەزهەبیان بەدەستەوە نییە و، جاران بەبێ رەوشت و بێ دین وێنا دەکران، لەمەولا بوونەتە واقیع بەرامبەر هێزە مەزهەبییە شیعەکان و باوەڕ وەهایە مایەی بێزاری و سەرێشە دەبن بۆ هێزە تەقلیدییەکانی باشووری عێراق لەکاری پەرلەمانی، بەتایبەت کە ئەمان نیازی پێشکەشکردنی نموونەی جیاوازیان هەیە.

* یاسین تەها، شارەزای کاروباری عێراق. ئەم وتارەی بەتایبەت بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو نووسیوە.

* یاسین تەها، شارەزای کاروباری عێراق. ئەم وتارەی بەتایبەت بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو نووسیوە.